ئیمان -باوەڕ- کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی هەریەکێکتان هەروەکو چۆن جلی کۆن دەدڕێت ولاواز دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئیمان لە دڵەکانتان نوێ بکاتەوە

لە عبدالله کوڕی عەمرو کوڕی ئەلعاس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیمان -باوەڕ- کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی هەریەکێکتان هەروەکو چۆن جلی کۆن دەدڕێت ولاواز دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئیمان لە دڵەکانتان نوێ بکاتەوە».
[سەحیح - ڕاست)] [(الحاكم والطبراني) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئیمان کۆن ولاواز دەبێت لە دڵی مسوڵمان وەکو جلی نوێ کە لەپاش زۆر بەکارهێنان وماوەیەکی زۆر کۆن دەبێت؛ وئەمیش بەهۆی کەمتەرخەمی لە پەرستنەکان، یان کردنی تاوانەکان وڕۆچوون لە شەهوەتەکان. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆئەوەی داوا لە خوای گەورە بکەین کە ئیمان لەدڵماندا نوێ بکاتەوە، ئەمیش بە جێبەجێکردنی فەرزەکان وزۆر یادی خوای گەورە وداوای لێخۆشبوون -ئیستیغفار کردن- دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65020